# لە یادی کارەساتی پڕ ژان و ئازاری هەڵەبجە و گیانبەختکردوانی هاوڕێیانی گوردانی شوان دا

20 ساڵ لەوە پێش، لە کاتێکدا کە کۆمەڵانی ستەم لێکراوی خەڵکی کوردستان چاوەڕێی هاتنی بەهار و گوڵ و سەوزەڵانی و شنەی بای بەهاریان دەکرد، لە کاتێکدا دەشتی جوان و سەرسەوزی شارەزوور بەرگی رەنگاورەنگی لەبەر کردبوو و ئامێزی پڕ لە بۆن و بەرامەی بۆ نەورۆز و ساڵی تازە کردبووە و لە کاتێکدا باڵندەکان بۆ پێشوازی لە وەرزی بەهار ئاوازی خۆشە ویستیان دەخوێندەوە، لە کاتێکدا کە جەماوەری زوڵم لێکراوی کوردستان دوای تێپەڕ کردنی مێژوویەکی پڕ لە رەنج و ئازار و لە دەست دانی ئازیزان و خۆشەویستانیان خۆیان بۆ پێشوازی لە بەهار ئامادە دەکرد، لە رۆژانێك دا کە گەنجان و تازەلاوانی هەڵەبجە بۆ دەربڕینی هەستی عەشق و خۆشەویستی دەرحەق بە یەکتر لە دەشت و کێوی رەنگینی شارەزوور خۆیان دەڕازاندەوە و سرودی ئازادییان دەوت و تۆوی هیوا بە دوارۆژی نەخشاو بە گوڵ و سەوزەڵانی لە دڵیاندا چەکەرەی دەبەست، لە ئاوا رۆژێك دا بوو کە رق و قینی ئەژدیهای حکومەتی بەعس و دیکتاتۆرە خوێن رێژەکەی بۆ لە ناو بردنی بەهار و گوڵ، شادی و خۆشی، مرۆڤ و پەلەوەر، ئاسمانی شینی هەڵەبجەی بۆ هەمیشە ژاراوی کرد و گوڵاڵە سوورەکانی دەشتی شارە زووری بۆ هەمیشە ژاکاند و باڵندەکانی لە خوێندن لاڵ کرد و گریانی منداڵی ساوای بۆ هەمیشە لە گەرویدا بەند کرد.

بەڵێ! لە ئاوا رۆژێك دا بوو کە دوو حکومەتی بەعس و ئیسلامی لە درێژەی شەڕی کۆنەپەرەستانەی خۆیان دا هەڵەبجەیان کرد بە گۆڕەپانی شەڕی دژی بەشەری خۆیان و زیاتر لە 5 هەزار ژن و پیاو و پیر و لاوی ئەم ناوچەیەیان قەتڵی عام کرد و بەو چەشنە یەکێك لە دزێوترین و رەشترین لاپەڕەکانی مێژووی پڕ لە سەرکوت و جەنایەتی خۆیان تۆمار کرد. کێ بێ وێنە ی باوکێك لە بیر بکات کە بۆ پاراستنی کۆرپەکەی، خۆی بەسەریدا داوە؟ کێ بێ وێنەی ئەو منداڵەی لە پێش چاو نەبێت کە لە کاتی کایە و گەمە بە چرکەیەك کۆتایی بە دنیای منداڵیی دێت و سەراپای تەرمی بێ گیانی پرسیاری بۆچی، بۆچی، بۆچی، لێ دەبارێ، لە پێش چاو ون بێت؟

دوا رۆژەکانی مانگی رەشەمە و نزیك بوونەوی بەهاری 89 بوو. شەڕی کۆنەپەرەستانەی ئێران و عێراق 8 ساڵی رەبەق درێژەی کێشابوو. بە سەدان هەزار مرۆڤ لەم شەڕە بێ ئاکام و کۆنەپەرەستانەدا کوژراو بریندار و ملیۆنها کەس ئاوارە و دە ربەدەر بوون. دەسەڵاتدارانی شەڕخواز لە بەغدا و تاران خوێن تێری نەکردبوون. ئەژدیهای شەڕ هەروا لە بەرەکانی کاولکاری و ماڵوێرانیدا جەستەی ئینسانەکانی هەڵدەلووشی. ناڕەزایەتی دەرهەق بەو شەڕە لە ئاستی ناوخۆ و دەرەکی رۆژ بە رۆژ پەرەی دەستاندن. هەوڵەکان لە ئاستی نێونەتەوەیی و دیپلۆماتیکدا بۆ کۆتایی شەڕ چڕتر ببونەوە. ماندوویەتی بە جەستەی زامداری سەربازانی شەکەت لە شەڕ لە هەردوو لا رۆژ بە رۆژ زیاتر پەرەی دەستاند. ناسیۆناڵیزمی رەگەز پەرەستی عەرەب و فارس بە پاڵپشتی ئایینی سوننی و شیعە شاخیان لە شاخی یەك ئاڵاندبوو و شکست و سەر کەوتنی هەرکامەیان لە بەرەکانی شەڕ، ئەوی دیکەی هار و دڕندەتر دەکرد و تاوان و جەنایەتی گەورەتریان ئەنجام دەدا. هەر چەند بە کردەوە لە بەرەکانی شەڕدا بۆ ن بەست دروست ببوو، بەڵام تاوانبارانی شەڕ حازر بە کۆتایی هێنان بە کوشتاری ئینسانەکان نەبوون. نە خومەینی و دار و دە

ستەکەی توانی بە وتەی خۆیان "ڕێگای قودس لە کەربەلاوە ببڕن" و نە دیکتاتۆرەکەی بەغدایش دەیتوانی، سەرکەوتنی "عەرەب بە سەر فارسدا" رابگەیەنێت.

هێزە ئەمپریالیستەکان کە بە کردەوە و بۆ فرۆشتنی چەك و چۆل و بەرەو پێش بردنی هێژمۆنی پاوانخوازانەی خۆیان بە سەر ناوچەکەدا، ئاگری ئەو شەڕەیان خۆش دەکرد، ئەوانیش بە کردەوە تووشی نائومێدی و بێ هیوایی هاتبوون. "پان ئیسلامیزم"ی خومەینییان کۆنترۆڵ و لە "پان عەرەبیزم"ی سەدام دەترساند. هەست بە کۆتایی شەڕ دەکرا، بەڵام هەر دوو هەوڵیان دەدا کە لە بەرەکانی شەڕدا سەرکەوتنی زیاتر بە دەست بێنن تا لە سەر مێزی وتوویژ ئیمتیازی زۆرتر وەر بگرن. سەرکەوتن بە بێ کوشتار و خوێن ڕێژی زۆرتر بە دەست نەدەهات.

کۆماری ئیسلامی کە هەر لە ڕۆژەکانی پاش هاتنە سەر کاری لە خەڵکی کوردستان تووڕە و دل پڕ لە قین بوو، زۆری پێ خۆش بوو کە ئاگری شەڕ لەگەڵ عێراق لە بەرەکانی کوردستان گەرم ڕاگرێت، بەڵام بە هۆی خەبات و مەقاومەتی جەماوەر و هێزی پێشمەرگەوە زۆرجار ناکام مابووەوە. حیزبی بەعس و دیکتاتۆرە جەلادەکەیشی کە دژایەتی لەگەڵ خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان بەشێك لە ناسنامەیان بوو و تا پێش کارەساتی هەڵەبجە بە دەیان تاوان و کارەساتی دیکەی دژی مرۆڤایەتیان بەرانبەر بەم خەڵکە ئەنجام دا بوو، لەوانە بە دەیان نموونە قەتڵی عامی شار و گوندەکانی کوردستان، ئیعدام و تیرۆری ڕۆژانە لە شار و شارۆچکەکان، بە کردەوە دەر هێنانی قەرارداد شووم و بەد ناوەکەی ئەلجەزایر کە لە بەینی شای ئێران و سەدام حوسێن دا مۆر کرابوو، وێران کردنی چوار هەزار گوند و شارۆچکە و خۆ ئامادە کردن بۆ پرۆژە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکەی ئەنفال کە زیاتر لە 180 هەزار ئینسانی بێ تاوانیان تێدا بێ سەر و شوێن کرد، نموونەگەلێك لە هەوڵی سازمان دراو و بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەوڵەتی بەعس بۆ ژینۆسایدی خەڵکی کوردستان، لەم وڵاتە بوو. هەڵەبجە یەکەم تاوان و کۆتایی باقی تاوانەکانی حیزبی بەعس و دەوڵەتی عێراق دەرحەق بە خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵکوو ئاڵقەیەك لەو زنجیرە تاوانانە بوو کە 5 هەزار ئینسانی بێ تاوانی لە چەند چرکە ساتدا تێدا ژەهر خوارد کرا.

پەلاماری ئەرتەش و سپاس پاسدارانی ئێران بۆ سەر هەڵەبجە و شارەزوور بە هێزی زۆر و زەبەند و شکستی ئەرتەشی عێراق لە بەرانبەر وەها پەلامارێکدا و داگیر کردنی هەڵەبجە و دەور و بەری لە لایەن ئێران، بیانووی دایە دەست سەرانی تاوانباری حیزب و دەوڵەتی بەعس تا لەوپەڕی دڵڕەقیدا تۆڵەی شکست و سەرشۆڕی خۆیان لە خەڵکی ئازار چێشتووی هەڵەبجە بکەنەوە. ڕۆژی 16ی مانگی مارس فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەرتەشی عێراق بۆمب و تەقەمەنی ژەهراوییان لە فڕۆکەخانەی کەرکوك و شوێنەکانی دیکە هەڵگرت و بەرەو هەڵەبجە فڕین. فڕۆکەکانی مەرگ لە دەشتی سەرسەوزی شارەزوور نزیك بوونەوە و شاری هەڵەبجە و دەور و بەریان بە ئاگر و بۆمب و ژەهر داپلۆسی. لە چەند چرکەساتدا شارێك خاپوور بوو. 5 هەزار ئینسانی بێ تاوان بە تاك و بە کۆمەڵ بوون بە قوربانی دوو تاقمی نەخۆشی ڕۆحی و سادیسم و جنوونی دەسەڵات لە تاران و بەغدا. هەزاران جەنازە کەوت بە سەر یەکدا و ویژدانی دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر دنیادا بەوپەڕی بێ تەفاوەتی و بێ ئەخلاقییەوە چاویان لەم تراژدیا ئینسانییە نوقاند.

بەم شێوەیە ئەژدیهای خوێنمژی بەعس بە بۆمباران کردن و رژاندنی ژەهری ئینسان کوژ، هەزاران ئینسانی ستەملێکراوی لە ژیان بێ بەهرە کرد و مۆری جینایەت و دڕندیی بە لەش و جەستەی هەزاران ئینسانی ئازار چێشتووی دیکەوە بەجێ هێشت. هەزاران دایك و باوکیان جەرگ سوتاو کرد و گەرمی خۆشەویستی و ئەویندارى ئەوانیان لە هەزاران منداڵ زەوت کرد .

بەڵام ئەوانە کێ بوون کە ئەم ئینسان کوژانەیان بە چەکی کۆمەڵ کوژ تەیار کرد، هانیان دان و تاوانەکانیان شاردنەوە و وشە یەکیشیان لەم بارەیەوە نەدەدرکاند؟ کێ بوون ئەوانەی کە لەم رۆژانەدا دێموکراسییە درۆیینەکەیان رەنگی نەمابوو و دامودە زگای تەبلیغاتی و هەواڵنێرییەکانیان لە ئاست ئەم تاوانە گەورە کپ و بێدەنگ بوون؟ دۆناڵد رامسفێلد وەزیری بەرگری پێشووی ئەمریکا، کە لە شەڕی داگیر کردنی عێراقدا کە پێی خۆش بوو وەك نەجاتدەری عێراق لە چنگ سەدام بناسرێت و لە کاتی رووداوی هەڵەبجە، وەك نوێنەری شەریکە نەوتییەکانی ئەمریکا لە بەغدا بۆ بەستنی قەراردادی نەوت هاتبوو و بێدنگیان راگەیاند. وڵاتانی دیکەی ئەورووپا و سۆڤیەتی ئەوکات بە پڕ چەك کردنی سەدام حسێن و خومەینی، بە کردەوە بوون بە هۆکاری درێژەی شەڕی ئێران و عێراق و تاوانباری کوشتاری ملیۆنێك ئینسان لەو شەڕە و بە تایبەت 5 هەزار قوربانی هەڵەبجە. ئەمڕۆ ئیتر هەڵەبجە شارێکی بێ ناونیشان نییە، بەڵکوو ناوێکی ناسراوە کە بەداخەوە بە هۆی 5 هەزار قۆربانیەکەیەوە دەناسرێتەوە.

بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، ئەمڕۆ ناوی ئەو شارەی لە گەڵ ناوی شارەکانی ناکازاکی و هیرۆشیما کە بە بۆمبی ئە تۆمی ئەمریکا لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی خاپوور کران، بردە نێو مێژووی تاوان و جینایەتەکانی سیستەمی دژی بە شەری سەرمایەداری .

ئەمڕۆ لە کاتێکدا پاش 20 ساڵ یادی کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجە رێز لێ دەگرین و سەری رێز و نەوازش بۆ ئەو 5 هە زار مرۆڤە بێ تاوانە دادەنەوێنین، کە تەبلیغاتێکی درۆیینە و بێ شەرمانە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەك نەجات دەری خەڵکی هەڵەبجە لە کاتی بۆمبارانی شیمایی ئەم ناوچەیە لەو رۆژەوە تا ئێستا بە بەردەوامی دەرخواردی جەماوەر دراوە. حە ق وایە هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و بێزار لە ستەم و کوشتار ئەو راستییە بزانێت کە کۆماری ئیسلامی ئێران نەك نەجاتدە ری خەڵکی ستەملێکراوی هەڵەبجە نەبوون، بەڵکوو یەکێك لە تاوانبارانی سەرەکی ئەو تراژدییە ئینسانییە بوون کە لەو ناوچە یە رووی دا. دەستی کۆماری ئیسلامیش وەك دەستی کاربەدەستان و بەڕێوبەرانی دەوڵەت و حیزبی فاشیستی بەعس بە خوێنی ئەو منداڵە سوورە کە دەیویست بژی و نەمرێ، بە خوێنی ئەو باوکە سوورە کە هەوڵی دا بە جەستەی کۆرپە ساواکە ی لە ئامێز بگرێ و بیپارێزێ، بە خوێنی ئەو لاوە سوورە کە پێش لە مردنی گوێی لە ئاخرین ترپەی دڵی خۆشەویستەکەی بوو، بە خوێنی ئەو دایکە سوورە کە رێگای نەجاتی کۆرپەکەی لە گازی ژەهراوی بە پێدانی شیری مەمکەکانی دەزانی و لە یەك وشەدا، دەستی ئەم تاوانبارانە بە خوێنی هەزاران کەس لە خەڵکی ستەملێکراوی ئێران و ناوچەکە سوورە.

کارەساتی هەڵەبجە لە هەمان کاتدا بۆ کۆمەڵەش رووداوێکی دڵتەزێن بوو. لەو رووداوەدا زیاتر لە 72 کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەری ماندوویی نەناسی ناو ریزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە گوردانی شوان، کەوتنە ناو مەیدانی شەڕ

و خوێنیان تێکەڵ بە خوێنی 5 هەزار مرۆڤی بێ تاوانی شاری هەڵەبجە و دەڤەری شارەزوور بوو. لێرەدا پێویستە ئەم ڕاستییە دووپات کەینەوە کە بە درێژایی شەڕی ئێران و عێراق هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە هەوڵی دەدا کە خۆی لە بەرەکانی ئەم شە ڕە کۆنە پەرەستانەیە بپارێزێ. هەوڵی دەدا سەر بەخۆیی خۆی لەم کێشەیەدا رابگرێ و نەهێڵێ بە هیچ لەونێك، هیچ لایەنێك کەڵك لە چالاکی و لە هەڵسووڕانی وەربگرێ، هەر بۆیە لە یەکەم سەعاتەکانی هەڵگیرسانی عەمەلیاتی جمهوری ئیسلامی لە دژی ئەرتەشی عێراق لەم ناوچەیە، بڕیاری قەتعی کۆمەڵە ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بە هیچ لەونێك نابێ خۆی دەرگیری ئەم شەڕە بکات و تەنیا شتێك کە ئەوکات بیری لێ دەکرایەوە پاشەکشە و خۆ دەربازکردن بوو. ئەوە سیاسەتێك بوو کە لە ماوەی 8 ساڵ شەڕی ئێران و عێراق کە لە هەمان کاتدا خەباتی شۆڕشگێڕانە و شەڕی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی لە کایەدا بوو، لە لایەن کۆمەڵەوە بەڕێوە دەچوو.

بە درێژای ئەو ساڵانە کۆمەڵە هاوبەشی ژیان و هاوبەشی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستانی عێراق بوو وە لە ڕەنج و ئاوارەیی و دەربەدەرییەکانیاندا شەریك بوو و هەوڵی دەدا چی لە توانایدا هەیە لە ئازارەکانیان کەم بکاتەوە، ئەگە رچی هەمیشە بە قیمەتێکی گرانیش بۆی تەواو دەبوو. بەڵام کۆمەڵە لە پەیڕەو کردنی ئەم سیاسەتەی خۆیدا هەرگیز کوڵی نەدەدا و سەربەرزی پاراستنی قازانج و بەرژەوندییەکانی خەڵکی ستەملێکراوی لە دوو بەشی کوردستان لە مێژووی خۆیدا تۆمار کرد.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا یادی قوربانیانی کیمیا بارانی شاری هەڵەبجە و هاوڕێیانی هەرگیز فەرامۆش نەکراومان لە گوردانی شوان، ڕێز لێ دەگرین، کە دەوڵەتی زاڵم و فاشیستی بەعس لە دەسەڵات نەماوە، بەڵام بە داخەوە هێشتا ویست و ئاواتەکانی خەڵکی هەڵەبجەیش بەدی نەهاتوون. هەروەها لە کاتێکدا یادی هەڵەبجە ڕێز لێ دەگرین کە حکومەتی کۆنەپەرەستی ئیسلامی ئێران وەك لایەنێکی ئەو تاوانە، هێشتا لە دەسەڵات دایە و ئێران هەروا قەتڵگەی ڕۆژانەی مرۆڤەکانە. بەڵام کۆمە ڵگای ئێران لە هەموو کات زیاتر لە ناخەوە دەکوڵێت و خۆ ڕێکخستن بۆ خەباتی لێبڕاوانە دژ بە کۆماری ئیسلامی لە لایەن کریکاران ،ژنان، دانشجوویان و سەرجەم جەماوری وەگیان هاتوو بە بەرینی لە ئارادایە.

بۆ ئێمە باشترین ڕێزگرتن لە ئازیزانی گوردانی شوان و هەموو ئەو خۆشەویستانەی لە پێناوی ژیانێکی ئاسوودە و پڕ لە سە ربەستی بۆ مرۆڤایەتی گیانیان لە دەست دا، خەبات و نەسرەوتن تا بە دەست هێنانی سەرکەوتنە. ئەمەیش تەنها بە وەفاداری بەو ئامانج و بیر و باوەڕە کۆمۆنیستییانە دەکرێت کە سەرجەم تێکۆشەرانی ڕیزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، گیانیان لە پێناویدا بەخت کرد. جارێکی دیکە و لە کۆتاییدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ یادی 5 هەزار شەهیدی شاری بێ تاوانی هەڵەبجە و 72 ئەستێرەی گەشاوەی ئاسمانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵە لە گوردانی شوان دادەنەوێنین. یادیان بۆ هەمیشە لە دڵماندا زیندووە.

***